# ساڵیادی شەهیدی قەڵەم دکتور عبدالستار تاهیر شریف

## نووسینی : بنەماڵە

لە 5-3-2008 لە شاری کەرکوك بە خەنجەرێکی ژەهراوی قەڵەمێکیان شەهید کرد
ئەم رۆژە لە مێژووی ملەتی کورد رۆژێکی زۆر پیرۆزەو وەرچەرخانێکە کە خەلکی رەش و رووتی کوردستانی زولم لێکراو بە سەدان ساڵ راپەرینیان دەست پێکرد لە دەروازەی شاری رانیەوە دژ بە دامو دەزگاکانی حوکمەتی بەعسی فاشی لە بەغداد

بنەماڵەی شەهیدی قەڵەم هەڵسان بە یادکردنەوەی ساڵێ تێپەربوون بەسەر شەهیدکردنی دکتۆر لە دەروازەی شاری کەرکوك.

جێگای ساڵیادەکە لەسەر مەزارگەی شەهید لە دێی بیرەسپانی گەورە کە دوورێکەی 15 کیلۆمەتر لە جادەی سەرەکی نێوان کەرکوك و ئالتون کۆپریەوە بە رێگای خۆل دا .

بەشداربووانی ئەو ساڵیادە بریتی بوون لە هەموو رۆشنبیرو پیاومەقولانی شاری کەرکوك بە هەموو پێکهاتەکانیەوە (کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی) و کۆمەلێك لە رۆشنبیرانی شاری سلێمانی و هەولێر.

سەرەتای مەراسیمەکە دەستی پێکرد بە خولەکێ وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدی قەڵەم و شەهیدی راستەقینەی رێگای رزگاری کوردستان وپاشان بە چەند ئایەتێك لە قورانی پیرۆز.

لە لایەن کۆمەلێك لە رۆشنبیرانی کورد و رۆژنامە نووسان تەحلیلی شەخصیەتی شەهیدیان کرد وەك لای خوارەوە:

1. ووتەێیك لە لایەن علی سالەیی
2. ووتە لە لایەن شوان داودی کە ئەو ئاماژەی بەوە کرد وداوای کرد کە واز لە خەلکی کەرکوك بهێندرێ لەبەر ئەوەی لە پێهاتەێیکی ئالۆز پێکهاتووە تەنها خۆیان دەتوانن حوکمی خۆیان بکەن ناکرێ حوکمیان لە سلێمانی و هەولێرەوە بکرێ.
3. نووسەری بەناوبانگی ملەتەکەمان حسن جاف ئاماژەی بەوە کرد کە لە کاتی خۆیا گفتوگۆی لەگەڵ شەهید کردووە کە یاداشتەکانی بنووسێتەوەو لەسەر سی دی هەڵیبگرێت و لە ولآم دا دکتۆر پێی ووتووە بۆ ؟ لە ولآم دا گەر بلاویان بکەی ئێستا دەتکووژن و پێمی ووت (ئەی بۆ تۆ ناکوژن کە لەسەریان ئەنووسی) لە ولآمی حسن جاف : (من لەسەر گەندەڵی و دزی دەنووسم , ئەم نووسینەی من نهێنی ئاشکرا ناکات).
   وە ئاماژەی بەوە کرد کە بە شەهید کردنی ئەم لەوانی بردەوە.
4. ووتەی لەتیف فاتح فەرەج تەحلیلێکی رۆژنامەنووسی و وەك نووسەرێکی شەهیدی کرد ئاماژەی بەوە دا ئەو کەڵە قەڵەمە ئەوەندە نامی چاندووە کە ئێستا هەموویان کەوتوونەتە گر و ئاماژەی بەوە کرد کە ساڵێکی رەبەقە دۆسێی شەهید و لێکۆلینەوەکەی لەچەند لاپەرەێیك تێپەر ناکات و ئێمە لەسەرمانە کە داوا بکەین لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و حوکمەتی محەلی کەرکوك کە دەست بەکار بنەوە بۆ لێکۆلینەوە ودیاری کردنی بکوژانی شەهیدانی قەڵەم (دکتۆر و سۆرانی مامە حەمە).
5. ووتەی اسماعیل حەدیدی کە بە ناوی عەرەبە رەسەنەکانی کەرکوکەوە تەحلیلێکی شەخصی کردو داوای کرد کەواز لە پێکهاتەکانی شاری کەرکوك بهێنن و خۆیان خۆیان بەرێوەبەرن.
6. نصر الدین زەنگەنە کە دۆستێکی دێرینی شەهیدە تەحلیلێکی مەوزوعی شەخصیەتی کرد کە لە سەرەتای ژیانیەوە لە شاری کەرکوك پێکەوە بوونە.
7. محمد حسن خورشید هەستا و ووتەێیکی دا دەری خست کە لە رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کاری کردووە و پاش ئەوەی کە کەشف بووە و حوکمەتی بەعس گرتی لە ساڵی 1979 و ئەمری ئیعدامی بۆ دەرکراوە و بنەماڵەکەی چوونەتە لای شەهید لە بەغداد و ئەمری ئیعدامەکەی ئیلغا کراوە و ئاماژەی بەوە

کرد کە چەندین کەس دەناسێت کە شێخ ستار لە ئیعدام دەریانی کردووە کە سەر بە رێکخستنەکانی ی . ن . ک بوون.

8. شاعیری شاری کەرکوک برهان چواردا‌خی شیعرێکی پر ماناو بەهێزی خوێندەوە.

ئەوەی جێگای سرنج بوو ژمارەی بەشداربوان خۆی لە 2500 کەس دەدا لە پیاوان و ژنان , رێگایێکی دوورو درێژیان بری بە تایبەت ئەوانەی لە شاری سلێمانی و هەولێرەوە هاتبوون بۆ بەشداربوون لەو یادە

ئەوەی شایەنی باسە یەکێك لە بنەماڵەکەمان نە سەرۆکی حوکمەتەو نە دوڵەمەندێکی بلیاردێرە بۆ ئەوەی سرنجی ئەو خەڵکە رابکێشێت بۆ ئامادە بوونیان بەو ژمارەیە ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە بە شەهید کردنی دکتۆر رووحیەتێکی وای دروست کردووە لە هەموو کوردستان دا و بە تایبەتی لە شاری کەرکوك دا.

لە پاش شەهید بوونی لە 5-3-2008 بنەماڵەکەی ئەم کارانەیان بۆ شەهیدی قەڵەم کردووە:

1. بنیاتنانی مەزارێك بۆ شەهیدی قەڵەم لە تەنیشت تەکیەی کۆنی باو و باپیرمان لە دێی بیرەسپانی گەورە .. لەبەر ئەوەی خۆی چەند جارێك پێمانی راگەیاندووە هەر کاتێك کۆچی دوای کرد لەو جێگایا ئارامگەی بۆ دروست بکەین.
2. کردنەوە وێپ سایتی www.shahidiqalam.com بۆ ئەوەی هەموو بەرهەمەکانی لەو تۆرە بپارێزرێت و لەهەر جێگایێك خوێنەری کورد لێی بێ بەش نەبێت و تا ئیستا چەندین خوێندکار سوودیان لە سەرچاوەکانی وەرگرتووە بۆ رسالەی دکتۆرا.
3. دووبارە چاپکردنی یاداشتەکانی بەشی یەك و دوو لەبەر پێویستی خوێنەری کورد
4. وەرگێرانی بەشی یەکەمی یاداشتەکەی بۆ سەر زمانی عەرەبی بە ناوی (صراع مع الحیاه)
5. چاپکردنی کتێبی دەروونناسی گشتی کە خۆی دایناوە بۆ خوێندکاری کورد بۆ زانکۆکانی کەرکوك و سلێمانی و کۆیە و قەڵادزی و چمچمال و خانقین و کەلار ...... و کتێبخانە گشتێیەکانی کەرکوك و سلێمانی کە خوێندکار سوودی لێ ببینێت.